# ئەو کاتەی کورد دەتوانێت بە تورکیا بڵێ نەء

**ئەمجەد شاکەلی**

ئەگەر سەرکردەیەتیی یا کەسانێک لە نێو سەرکردەیەتیی "پ. ک. ک"دا ، هەندێ جار، جۆرە پێوەند و گرێدراوییەکیان بە تورکیا و دەسگای سیخوڕی تورکیاوە بووبێت و هەبێت، لێ لە ناوەڕۆکدا "پ. ک. ک" بزاڤێکی شۆڕشگێڕ بووە و ئێستایش هەروایە و نوێنەرایەتی خواستە ڕەواکانی گەلی کورد و باکووری کوردستانی کردووە و دەکات. پێشمەرگە و خەڵکانی خوارەوەی ئەو بزاڤە، خەڵکانێکی گیانلەسەردەست و قارەمان بوونە و هەن. دیارە ئەوەی لەمەڕ "پ. ک. ک"ەوە دەگوترێ، چ لە بارەی سەرکردە و چ لە بارەی بنکردەوە، هەموو حیزبەکانی دیکەی کوردستانیش دەگرێتەوە. بە درێژایی مێژوو، هیچ سەرکردەیەتیی یا کەسانێکی نێو سەرکەردەیەتیی، هەموو یەکێک لەو حیزبانەی کوردستان بێپێوەند و بێوابەستەیی بە ڕێژیمەکانی دەوروبەر و تەنانەت دوورتریشەوە نەبوونە.

"پ. ک. ک"یش وەک حیزبەکانی دیکەی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، جەنگی چەکداری لە کوردستانەوە دەستپێکرد. بۆ ساڵانی 1980کان، کە ئەودەمی ئەوان دەستیان دایە چەک ، وەک  ساڵانی 1960 و 1970کان ئەو کارە هەرنەیسە و لە جێی خۆیدا بوو، بەڵام ئیدی دواتر ئەو کارە لە کوردستاندا بێجگە لە ماڵوێرانی بۆ گەلی کوردستان، هیچ ئەنجامێکی دیکەی نەبوو. من نەک هەر ئێستا بەڵکە زۆر لەمێژە بڕوام وابووە، کە شێوازی خەباتی "پ. ک. ک" و ئەو جۆرە جەنگە چەکدارییەی ئەنجامی دەدا، بە تایبەت لە دەسپێکی ساڵانی 1990ەکانەوە، شێوازێکی چەوت و ناڕاستە. ئەوان ئەودەمی و ئێستایش دەبوو ئەو جەنگە چەکدارییەیان بگوێزنەوە بۆ نێو تورکیا و لە کوردستانی دوورخەنەوە. بەو کارە بە ژمارەیەکی گەلێک کەمتر و بە شێوازێکی زۆر نهێنی و بە  کەمترین قوربانی، دەتوانرا و دەتوانرێ، بەهێزترین گورز لە دەسەڵاتی تورکیا بوەشێندرێت و کوردستانیش لە سووتاندن، وێرانکردن و چۆڵکردن بپارێزرێت.

ئەگەر "پ. ک. ک" شێوازی خەباتیان گۆڕیبا، ئێستا ئەم کێشەیەی، کە لە باشووری کوردستاندا هاتووەتە گۆڕێ، نەدەهاتە گۆڕێ و چ بەڵگەیەک، بە لای کەمەوە بۆ ڕاوەدوونانی "پ. ک. ک"، بە دەست تورکیا و خەڵکی دیکەوە نەدەبوو بۆ هێرشکردنە سەر باشووری کوردستان و لە کۆتایی 1990کانیشدا تووشی ئەو قەیران و وەدەرنان و کێشەیەی سووریا و بیقاع و گرتنەی ئۆیجالان نەدەبوون.

سەرانی هەردوو زلحیزبی دەسەڵاتداری کوردستان(پارتیی) و (یەکیەتیی)، کە بە شێوەیەکی نادیموکراتی و خێڵەکییانە و دوور لە هەموو بنەماکانی دەسەڵات و فەرمانڕەواییەکی هاوچەرخ، شازدە ساڵێکە، دەسەڵاتداری لەتێکی باشووری کوردستانن، هەر لە 1991ەوە، کە دەسەڵاتیان گرتە دەست، چەندین جار بۆ خۆیان کەواسووری بەر لەشکر بوون و ڕۆڵی "سوارەی حەمیدییە" یان، لە خزمەت تورکیا و لەشکری تورکدا بینیوە. پەرلەمانی کوردستانی ئەو دوو حیزبە، یەکەم بڕیارێکی دەریکرد، هێرشکردنە سەر "پ. ک. ک" بوو. ساڵانی 1980کان دەستی چەکدارانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان چووە خوێنی پێشمەرگەی"پ. ک. ک" و ساڵانی 1990ەکانیش هەردوو یەکیەتیی و پارتیی بە جووتە پەلاماری"پ. ک. ک"یان دا و لەشکری تورکیایش دەیان جاران، بە تەواوی زانیاری و کۆمەک و ڕێنیشاندەریی هەردوو زلحیزبی باشووری کوردستان، سنووریان بەزاند و بۆ ڕاوە "پ. ک. ک"هاتنە نێو باشووری کوردستانەوە.

دەسەڵاتدارانی کوردستان(سەرانی پارتیی و یەکیەتیی)، لە 1991ەوە، دەروازەی باشووری کوردستانیان بۆ تورکیا خستووەتە سەر پشت و دەستی تورکیایان بە تەواوی لە نێو کوردستاندا ئاوەڵا کردووە. سەردەمانێک لەشکری تورک، بێجگە لە بەزاندنی سنوور و وەژوورکەوتن، ڕۆڵی ناوبژیوان و لەیەکجوێکەرەوەی نێوان هەردوو زلحیزبی بەشەڕهاتووی باشووری کوردستان(پارتیی و یەکیەتیی) ی دەدیت. بێجگە لەوەش، وڵاتەکەیان بە ئابووری تورکیاوە گرێداوە و تەواوی باشووری کوردستانیان کردووەتە بازاڕێکی تورکیا. دیارە نەک بازاڕێکی باش، بەڵکە بازاڕێک، کە  هەرچی شڕە و کاڵای خراپ و کۆن و بێکەڵک و کاتبەسەرچووی تورکیایە تێیدا پەخش دەکرێت و دەفرۆشرێت. دەرمانی ئێکسپایەر و سەوزە و میوەی پڕ نەخۆشی و ئاوی حەیات و ماستی بۆگەن و ئاردی نەزۆکی چێکەر و ڕۆنی شێرپەنجە سازکەر و فیلمی سێکسی و

هەموو ئەو شتانەی، کە دەیان نەخۆشی ساز دەکەن، لە تورکیاوە و بە بەرچاوی دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە دەهێرێنە نێو کوردستانەوە و خەڵکیان پێ نەخۆش و دەردەدار دەکرێت. پتر لە چوارسەد کۆمپانیای تورکیایی ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا بە نێوی "کار"ەوە هەن و چالاکی خۆیان ئەنجام دەدەن. سەرانی کورد بە خەندە و گەشکە و کەیفخۆشییەوە پێشوازی لە هەموو شتێکی تورکیا دەکەن، تەنیا لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندە ئابوورییەکانی نێوان خۆیان و تورکیا و پاراستنی گرێ و پێوەندە نهێنییەکانی خۆیان بە تورکیاوە. بە نێوی بازرگانی و کاری کۆمپانیا و سەدان بیانوو و ڕێگەی دیکەوە، هەزاران میتی تورکی بە نێو کوردستاندا تەراتێن دەکەن. پرۆسێسی تورکاندن لە باشووری کوردستاندا پیادە دەکرێت، هەر لە جلوبەرگ و خۆراک و ناو و مووزیک و گۆرانی و خوێندن و خانوو و نێوماڵەوە تا دەگاتە جۆری بیرکردنەوە و بوارەکانی دیکەی فەرهەنگەوە.

ئەوەی ئەورۆ تورکیا بە تەمایەتی بەرانبەر باشووری کوردستانی بیکات، هەر لە 1991ەوە دەستی پێکردووە و سەرانی کورد بۆ خۆیان بە ملەکچکردن و گرێدانی باشووری کوردستان لە ڕووی ئابووری، سیاسی و فەرهەنگییەوە بە تورکیاوە، ڕێگەیان بۆ خۆش کردووە و بۆ خۆیان بوون بە چاوساغی تورکیا.

باشووری کوردستان، کە ئاوی خواردنەوە و ماست و تەماتە و بیبەر و دەرمان و هەرچی شتی دیکەیە لە تورکیاوە بهێنێت، چۆن دەتوانێت بە تورکیا بڵێت نەء!

## سەرانی باشووری کوردستان:

– لە کاتی موناقەشەی پێوەندی خۆیان و تورکیا، کە بە شانازییەوە ئاوی (حەیات)ی تورکی لەسەر مێزەکانیان دادەنێن و نۆشی دەکەن، چۆن دەتوانن بە تورکیا بڵێن نەء!

– کە بۆ خۆیان بەرەی تورکمانی، کە بێجگە لە سیخوڕانی تورکیا، هیچی دیکە نین و شاندەکانی تورکیایان بە سەر کەرکووک و خەڵکی کوردستانەوە کردە کەڵەگا، چۆن دەتوانن بە تورکیا بڵێن نەء!

– کە کەرکووکیان کردە قوربانی پێوەندە دزێوەکانی خۆیان و تورکیا، چۆن دەتوانن بە تورکیا بڵێن نەء!

– کە نەیاتوانیوە خەباتی گەلی کورد یەکخەن و جەنگی دژی تورکیا بگوێزنەوە نێو تورکیا و لە کوردستانی دوورخەنەوە، چۆن دەتوانن بە تورکیا بڵێن نەء!

– کە زەوی کۆیەی کوردستان بە سەر ئەندامانی بەرەی تورکمانیدا ببەشنەوە و سەنعان قەسساب وەک دەستەگوڵ ببەنەوە کەرکووک، چۆن دەتوانن بە تورکیا بڵێن نەء!

– کە چاوەخوار و منەتباری تورکیا بن، چۆن دەتوانن پێی بڵێن نەء!

31ی ئابی 1996، کە چەند تانکێکی بەعس هاتنە نێو هەولێرەوە، حوکوومەتەکەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و تەواوی سەرکردە و بنکردە و چەکدار و خەڵکانی ئەو حیزبە، نەک هەر هەولێر، سلێمانیشیان، بە بێ تەقاندنی یەک فیشەک، جێهێشت و لە ئێران خۆیان گرتەوە. ئەودەمی خەڵکانی سەر بەو حیزبانە (یەکیەتیی و پارتیی) وەک ئێستاش نەیاندابووە پانی و وەک ئێستا تێر و تەسەل و تەمەڵ و گووپخڕ و ورگن و تەنگەزل و تەوەزەلیش نەبوون و وەک ئێستا گیرفانپڕ و دەوڵەمەند و خاوەن زەوی و خانوو و کۆشک و تەلار و کێڵگە و سەدان کۆمپانیا و گەندەڵ نەبوون، ئێستا هەرگیز لەو دەمە ئازاتر و بوێرتر و بە بڕواتریش نین، ئەوجا چۆن دەتوانن بەرگری لە خۆیان و دژی تورکیا بکەن!

پێرێ لە ڕادیۆی بی. بی. سی "BBC" ئینگلیزی زمانەوە، کەسێک بە نێوی گوتەبێژی حوکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە عەرەبی(نەک بە کوردی یا ئینگلیزی)، دەیگوت: ئەگەر تورکیا هێرش بکات، ئێمە پاسەوانی سنوور(پێشمەرگە) مان هەیە و هێزمان هەیە و دەتوانین بەرگری بکەین. ڕەنگە کەسێکی فیللیپینی یا مەدەغەشقەری بڕوا بە قسەی ئەو گوتەبێژەی حوکوومەتی کوردستانە بکات، بەڵام ئەو کوردەی باوەڕ بە وەها قسەیەک بکات گەلێک گەوجە و قسەیەکی ئەوتۆیی تەنێ خۆڵ لەچاوکردنی خەڵکە و هیچی دی. ئەگەر ڕاستە و حوکوومەتی هەرێم "بەرگری" پێ دەکرێت، ئەدی بۆ وا ماوەی چەند مانگە، هەم ئێران و هەم تورکیا، بەردەوام و بێ ڕاوەستان بۆمبارانی دەڤەرە سنوورییەکانی کوردستان دەکەن و کەسیش هیچ ناڵێت! ئەدی ئەو پاسەوانی سنوورانەی حوکوومەتەکەی ئەو هاوڕێیە گوتەبێژە لە کوێن و چ دەکەن! مەگەر تەنیا دوای قڕقێنەی پاش خواردنی برنج و خواردنەوەی زەمزەم و کۆکاکۆلا و ئاوی حەیات و شەربەتی ئاڵتوونسای ئێرانی و

تورکی، ئەوجا منجەمنج و بۆڵەیەکی بێتام وەدەرێنن، ئەویش بۆ بازاڕی ناوخۆ!
دەگێرنەوە، کە کابرایەکی کوردی جگەرەکێش، ڕۆژێک چەند لاوێک هەروا بۆ شۆخی کیسەی تووتنەکەی لێ دەشێرنەوە. کابرا کە وەئاگا دێت و پێی دەزانێت، دەیکاتە گاڵە و هەرا و قاڵەقاڵ و جنێوی دنیا دەدات. لە گۆڕی باوک و لە کوزی دایکی ئەوە دەبات، کە کیسە تووتنەکەی دزیوە و هەڕەشە دەکات، کە دەکوژێ و دەبڕێ و وا و وا دەکات. پاش تۆزێک کیسە تووتنەکەی دەدەنەوە و لێی دەپرسن، تۆ ئەو هەموو هەڕەشە و گوڕەشەیەت کرد، بەڕاست ئەگەر کیسەکەت وەرنەرگتایەوە چت دەکرد؟ ئەویش دەڵی: وەڵڵا چم دەکرد، بڕێکم لە پشتوێنەکەم دادەدڕی و دەمکردە کیسە تووتنێک[1].
تورکیا لەشکرێکی بەهێز و پڕچەک و کارامە و تیر و دڕی هەیە و ئەندامی "ناتۆ Nato" یە و نوێترین چەک و تەکنیکی ئەوروپای لەبەردەستدایە و شارەزاییەکی تەواوی لە جەنگ و داگیرکردندا هەیە. مێژووی لەشکر و جەنگگێڕی تورک، هەر لە دوای هەزارەی یەکەمەوە، مێژووی داگیرکردن و پەلامار و هێرش و وێرانکردن و کوشتار بووە و لە سەردەمی عوسمانییانی باپیرانیانیش، بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و بەشێکی ئەوروپایشیان خستووەتە ژێر دەستی خۆیانەوە و لە مێژووی نوێیشدا، هەر لە جەنگی قوبرەسەوە تا دەگاتە کوردستان و ئەفغانستان و بۆزنیا و کۆسۆڤۆ و لوبنان بەش و لایەنێکی هاوکێشەکان بوون و هەن. لە پیرەکانی خۆمانم بیستووە، کە سەربازی تورک لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، کاتێک لە عیراق و کوردستان دەکشانەوە، لە سەنگەردا دادەمەزران و ئەژنۆی خۆیانیان دەبەستەوە بۆ ئەوەی هەڵنەیەن و دەجەنگان تا دەکوژران.
کورد، تاکە یەک دەوڵەتی ئەم جیهانەی لەگەڵ نییە. هاوسێیەکانی باشووری کوردستان، ئێران و سووریا، هەرگیز لەگەڵ کورد نین و ئەوانیش وەک تورکیا حەز دەکەن ئەو کارگێرییە کوردییە لە بنەوە هەڵوەشێتەوە. عیراق بەو ڕەوشەی ئێستایشیەوە، لەگەڵ کورد نییە و لە بنەوە لەگەڵ تورکیادا ڕێک و کۆکە. ئەمەریکا و ئینگلستان و وڵاتانی دیکەی ئەوروپایش، تورکیا ناگۆڕنەوە بە کوردستان. هیچ وڵاتێکی عەرەبی نییە چاوی بەو کارگێرییە کوردییەدا هەڵبێت و هەموو چاوەڕێن و هەوڵدەدەن ڕۆژێک زووتر لەبار بچێت. کورد بە دۆستایەتی ئەمەریکا و ئەوروپا و ئەم و ئەو خۆی هەڵدەخەڵەتێنێت. ئەمەریکا و ئەوروپا دۆستی تورکیان و هەرگیز پشتی تورکیا بۆ کورد نادەن بە زەویدا. ئەوان لەگەڵ کورددا درۆ دەکەن.
هاوتایەکی "پ. ک. ک"، کە پڕچەکترە و لەشکرێکی تەواوە و ڕێکخستنێکی گەورە و ڕێکوپێکیشی هەیە و لە نێو عیراقیشدایە و دژایەتی دەوڵەتێکی هاوسێی عیراقیش دەکات و ئەگەر "پ. ک. ک" داوای دیموکراتی بۆ تورکیا و تەنێ هەندێ مافی سەرەتایی و مرۆڤیی بۆ گەلی باکووری کوردستان دەکات، ئەوا ئەو ڕێکخراوە داوای ڕووخاندن و لاکەوتنی ڕژێیمە نەیارەکەی دەکات و گەرەکیەتی بۆ خۆی دەسەڵات لە وڵاتەکەی خۆیدا بگرێتە دەست. ئەو ڕێکخراوە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق(مجاهدین خلق)ی ئێرانە، کە دژی ئێرانیکە، ئەمەریکایش دژیەتی. ئێرانیش، وەک تورکیا هاوسنووری عیراقە. موجاهیدنی خەلق، هەر لە سەردەمی بەعسەوە و بە چەکی بەعس و ڕۆژاوا، بە هەموو جۆرێک پەلاماری ئێرانی دەدا و نەیاریکی سەرسەختی کۆماری ئیسلامی بوو. ئێستا ئەمەریکا چاوی لە موجاهیدین خەواندووە و لە عیراقیشدا باس لە وەدەرنانی موجاهیدین نییە و ئێرانیش لەترسی ئەمەریکا، کە ڕێگەی پێ نادات پەلاماری موجاهیدینی خەلق بدات، دەستی بەسراوەتەوە و ناتوانێت هەڵکوتێتە سەر موجاهیدین، کەچی تورکیا بەبەرچاوی ئەمەریکاوە، کە کورد زۆر بانگاشە بە دۆستایەتییەوەی دەکات، ئەم بەزمە بە کورد دەکات و تەواوی ئەو کەمەئارامییەی لە کوردستاندا لەچاو بەشەکانی دیکەی عیراقدا هەیە، دەخاتە مەترسییەوە و ئەگەری دەستێوەردانی وڵاتانی دیکەیش ساز دەکات، ئەوجا ئەمەریکا ئەگەر لەژێر لێوەوە ورتەیەکی لێوە بێت و بە تورکیا بڵێ لاکەوە و مەیە، ئەوا بە "چاو پێی دەڵێ وەرە". ئەمەریکا بە داهێنانی"ڕاوە تەرۆریزم" لە هەرکوێیەکی جیهان، ڕێگەی بۆ هەرچی وڵاتێکە، کە سەر بە ئەمەریکا و ڕۆژاوا بێت، کردەوە، تا بتوانێت پەلاماری خەڵکی تەنانەت ئازادیخوازیش بە نێوی ڕاوەتەرۆرەوە بدات. تورکیا، چاو لە ئەمەریکا دەکات و شوێنپێی ئەمەریکا هەڵدەگرێت.

---

[1] بە دەسکارییەوە لە (ڕشتەی مراوری)یەکەی مامۆستا (عەلائەددین سەجادی)یەوە، کە لەبەردەستمدا نییە.

مەبەست و ئامانجی تورکیا لە هاتنەنێو باشووری کوردستان، ئەگەر 10%ی بۆ لەنێوبردنی چەکدارانی "پ. ک. ک" بێت، ئەوا 90%ی بۆ لەنێوبردنی ئەو نیمچە سەربەخۆییەی باشووری کوردستانە و بۆ سڕینەوەی کێشەی کەرکووکە و بۆ بزواندنی هەستی نەتەوەیی تورکمانە و بۆ داگیرکردنی باشووری کوردستانە. ئەگەر گوشاری دەرەکی و هەندێک دەنگەدەنگ بەوەی، کە تورکیا کارێکی ناقانوونی دەکات بە چوونە نێو باشووری کوردستانەوە، بڕێک تورکیا بسڵەمێنێتەوە و لەوێش نەمێنێتەوە، ئەوا چەندی پێی بکرێت، بە کەمترین کات، بێجگە لەوەی چەکداری"پ. ک. ک"یە، تەنانەت خێزان و ژن و زارۆکانیان لە مەخموور هەموو پێوە دەدات و دەستێکیان پێدا دەماڵێت. ئەوجا تەواوی ئەوانەیش پێوەندێکیان بە "پ. ک. ک"ەوە هەیە، وەک پەژاک و پارتی چارەسەر و تەنانەت تاکە کەسانیش، ئەوانەیش بەسەر دەکاتەوە. دیارە ئەو جۆرە خەڵکانەیش لە هەموو قوژبنێکی کوردستان، هەر لە مەندەلی و خانەقین و کەلارەوە تا دەگاتە زاخۆ، هەن. دواتریش چەندی بتوانێت زیان بەو کارگێڕییەی باشوور دەگەیەنێت، ئیدی بە هەموو شێوازێک، لە بڕینی ڕێگە و هاتوچۆوە تا دەگاتە لێدانی ئەو شوێنانەی بە لای کورد خۆیەوە گرنگە. هەر بە چوونە نێو کوردستانەوە تورکیا دەتوانێت کۆنترۆڵی ڕێگاوبان و هاتوچۆ و تەواوی شوێنە گرنگەکانی کوردستان بکات. تورکیا بە هۆی ئەو لەشکرە "میت"ەوە، کە بە ناوی کۆمپانیا، دەیان ساڵە هەرچی ئابووری کوردستانە بە دەستیانەوەیە و نەخشەی تەواوی پرد و ڕێگە و تەلارخانە و فڕۆکەخانە و هوتێل و هەرچی شتی دیکەی کوردستانە لە باخەڵیاندایە و بە هۆی هەزاران کوردی سیخوڕ و بۆ چنگێ پارە خۆفرۆش و هەزاران خەڵکی سەر بە بەرەی تورکمانی و خەڵکانی دیکەی تۆرانیشەوە، هەرچی زانیاری ورد و درشتە لە بارەی کوردستانەوە هەیانە و دەیزانن. هەربۆیە زیانگەیاندن بە کوردستان بۆ لەشکری تورک، کارێکی فرە سەخت نییە. تورکیا دەتوانێت زۆر بە ئاسانی ئاساییش و باری ئابووری و سیاسی باشووری کوردستان بشێوێنێت، چونکە بێجگە لەو لەشکرە ئاشکرایەی، کە دەینێرێتە کوردستان، لەشکرێکی دیکەی نهێنی و خەوتوویشی لەوێ هەیە.

هەر پێش چەند ساڵێک، کە تورکیا هەڕەشەی هێشکردنەسەر و چوونەناوەوەی سووریای کرد ئەگەر، عەبدوڵڵا ئۆیجالان وەدەرنەنێت، حافز ئەلئەسەد(حافظ الأسد)ی سەرۆککۆماری سووریای هێنایە سەرچۆک و ناچاری کرد بەوەی، کە ئۆیجەلان بە زووتری کات، سواری فڕۆکەیەک بکات و بینێرێ بۆ نایرۆبی. جەلال تاڵەبانی، سەرۆککۆماری دەڤەری کەسک لە بەغدا، ئەگەر دەستی بە سەر قەندیل و چیاکانی کوردستان و "پ. ک. ک"دا ڕۆیشتبا، زۆر لەمێژ بوو، نەک هەر چەکدار و هەوادار و ژن و زارۆکی پەکەکەییان، بەڵکە تەنانەت سەگ و کتک و مریشکانیشیانی ڕادەستی تورکیا دەکرد و وەدەری دەنان.

هەرچەندە "بەناو" باشووری کوردستان یەک حوکوومەتی تێدایە و پارتیی و یەکیەتیی پێکهاتنی درێژخایەنیان مۆر کردووە، بەڵام بە هاتنی لەشکری تورک بۆ کوردستان، دەڤەری بندەستی پارتیی و دەسەڵاتی پارتیی، پاش پەکەکە، ئامانجی سەرەکیی تورکیان. تاڵەبانی، چ وەک سەرۆکی دەڤەری سەوزی بەغدا و چ وەک ڕێبەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و چ وەک فەرمانڕەوای سلێمانییش، چ گرفتێکی نییە و تا ڕادەیەکی زۆر لەو هێرشە بێخەمە، چونکە هەم ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئەو و حیزب و دەڤەرەکەی ئەو(سلێمانی و دەڤەری کەسکی بەغدا) نییە و هەم قەندیل و "پ. ک. ک"یانیش لە قەڵەمڕەوییەکەی ئەودا نین و  هەم ئەو و حیزبەکەی ئەویش، پێوەندیکی توندوتۆڵ و زۆر بەهێزیان لەگەڵ تورکیادا هەیە و تاڵەبانی بۆ خۆیشی هەمیشە سەرسامبوونی خۆی بە تورکیا و سیاسەتی تورکیا و "دیموکراسی" تورکیا دەربڕیوە.

کورد کاتێک دەتوانێت دژی تورکیا ڕاوەستێت و بەرگری لە خۆی بکات، کە کۆیلە و گرێدراوی تورکیا نەبێت. ئەو کاتەی کورد پێستی گونی خۆی خوارد و منەتی تورکیای هەڵنەگرت، ئەوەدەمی دەتوانێت بەرانبەر تورکیا بکۆکێت. هەر کاتێک کورد توانی هەرچی کاڵا و شتومەک و کۆمپانیا و خۆراک و گرێبەست و دەیان بەزمی دیکەیە لەگەڵ تورکیادا بداتە دواوە و بگێڕێتەوە و کاری پێ نەکات، ئەوەدەمی بە ئاسانی دەتوانێت بەرانبەر تورکیا بخوێنێت و پێی بڵێ نەء. کەی هەموو شووشە ئاوە "حەیات"ەکانی تورکیایان ڕۆ کرد و دەرمانە ئێکسپایەرەکانی تورکیایان سووتاند و ڕێکلامی ئاڵتوونسا و سەدان ڕێکلامی مۆبێلە و جل و ڕیستۆرانگ و ڕۆن و هەزاران شتی دیکەی تورکیایان لە تەلەڤزیۆنەکانیانەوە ڕاگرت و

کۆمپانیاکانی تورکیایان وەدەرنا و سەوزە و میوە و خۆراکی تورکیایان نەخوارد و خوێندنگەکانی تورکیایان لە باشووری کوردستان داخست و هەرچی ناوی تورکییە لە سەر کۆمپانیا و فرۆشگە و بازاڕ و شوێنەکانی دیکە لابرد و هاتووچۆی تورکیایان نەکرد و پێی تورکیایان لە کەرکووک بڕی و مەراییان بۆ تورکیا نەکرد و کاڵای تورکیایان نەفرۆشت و نەکڕی و بارەگای حیزبەکانی سەر بە تورکیایان داخست و هەڕەشەیان لە تورکیا و بەرژەوەندەکانی تورکیا، لە ناو خاکی تورکیا و لە دەرێی تورکیا کرد و گڕیان بەردایە تورکیا لە نێو ماڵی خۆیاندا و هەموو کوردیان یەکخست بۆ دژایەتی تورکیا و هەموو کوردیان لە پەرلەمان و دەسگاکانی تورکیا کێشایەوە، ئەودەمی کورد دەتوانێت بەرانبەر تورکیا ڕاوەستێت و بەرگری لە خۆی بکات. ئەودەمی دەتوانێت بە تورکیا بڵێ نەء و ئەودەمی بۆ خۆیشی بە تەنیا و بێ کۆمەکی هیچ کەسێکی دیکە، دەتوانێت داکۆکی لە خۆی و خاکی خۆی بکات و دژی نەیارانی بجەنگێت.

2007–10–18